هەرپیاوێک بەشداری بەدر وحودەیبیەی کردبێت؛ ناچێتە دۆزەخەوە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرپیاوێک بەشداری بەدر وحودەیبیەی کردبێت؛ ناچێتە دۆزەخەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أحمد وأصله في صحيح مسلم)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە ئەم کەسانە ناچنە دۆزەخەوە: ئەوانەی ئامادەی جەنگی بەدر بوون و لەگەڵ پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- بەشداریان لەو جەنگەدا کرد کە لە ساڵی دووی کۆچی ڕوویدا، هەروەها ئەوانەی ئامادەی پەیمانی حودەیبیە بوون؛ کە بەیعەتی ڕیزوانیش دەگرێتەوە لە ساڵی شەشی کۆچی ڕوویاندا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11148